# تەسنیف، نەریتێکی لەبیرکراوەی شیعری موکریان

## «بە بۆنەی دۆزرانەوەی شیعرێکی میسباحوددیوانی ئەدەب(١)»

ئەحمەد چاک
(بۆکان)

شاعیرانی پێشەنگی زاراوەی کرمانجی ناوین (نالی، سالم و کوردی) لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەی زایینیدا و لە خاکی سلێمانی و شارەزوورەوە بناغەی ئەدەبیی ئەم زاراوەیەیان داڕشت. ڕێژە و ئاست و توانایی و پتانسییەلی (وزە)ی شیعری ئەوان ئەو بڕستەی تێدا بوو کە بتوانێ بۆ وەچەی داهاتوو ببێتە ڕێچکە و وەکوو شێوازێکی ئەدەبی سەیری بکرێ(٢).

دواتر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بۆ ئەم لاوە، نەوەیەکی سەربزێو پەیدا بوون کە شێوازی (نالی)یان پەرە پێ دا و بەڕاستی ڕێنێسانسێکی ئەدەبییان لە ناوچەکانی تری کوردستاندا وەڕێ خست(خەزنەدار:٢٠٠٤،٢١). لە ناوچەی کەرکووک و گەرمیان، شێخ ڕەزا تاڵەبانی، لە سنە و ئەردەڵان، سالمی سنە، لە ناوچەی سۆران و شاری کۆیە، حاجی قادری کۆیی و لە ناوچەی موکریاندا، وەفایی و ئەدەب و... هاتنە گۆڕەپانی ئەدەبی کوردییەوە.

ئەگەرچی هەموو شیعری ئەو ناوچانە لە ژێرسەردێڕی (قوتابخانەی نالی)دا پۆلێنبەندی دەکەن، بەڵام ئەدەبی هەر کام لەم ناوچانە بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و ئابووری و سیاسی خۆیان تا ڕادەیەک مۆرک و چییەتی خۆی پێوە دیارە. ئێمە بە پێی ئەوەی لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە بەوردی لە هەموویان

بکۆڵینەوە، تەنیا یەکێک لەم جیاوازییانە لە ناوچەی موکریاندا و لە شیعری (میسباح ئەلدیوانی ئەدەب)دا بە بۆنەی دۆزرانەوەی شیعرێکی تایبەتی ئەو شاعیرە تاووتوو دەکەین. ئەم تایبەتمەندییە جیاوازەی ئێستا دەمانەوێ بیخەینە بەرباس، هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی تەسنیفە، واتە شیعری بابەتی گۆرانی کە دەتوانین (هەڵبەست)یشی پێ بڵێین.

تەسنیف شیعرێکە کە بەئانقەست بۆ ئاواز و گۆرانی نووسرابێ و تێیدا پێوەندی مۆسیقا و گوتە لە ئاستێکی باشدا وێنا کرابێت. شیعرێکی لەم چەشنە زۆربەی جاران سەروا و ڕەدیف، تەنانەت مەودای نیو بەیت و بەیتەکانیش تووشی ئاڵۆزی دەکا (فاضل، سهراب: ١٣٧٩،٥٤).

لەم جۆرە ئەدەبییەدا یەکێتی و یەکانگیری وتە و مۆسیقا بە ڕادەیەکە کە ناتوانین بڵێین وتە لە مۆسیقا و ئاوازەکە جیایە، یان بە پێچەوانەوە (هەمان: ٧٧). کێشی تەسنیفی نوێ، بەتایبەت لە مەشرووتە بۆ ئەم لاوە برگەییە، بەڵام لە دەورانی دەستەڵاتی سەفەوییەکاندا کێش هەر عەرووزی بووە (هەمان:٧٨).

لە تەسنیفدا شاعیر دەتوانێ تا ئەو جێگایەی توانست و لێهاتوویی بڕ دەکا، لە قاڵبی نوێ و تازە کەڵک وەرگرێ و هیچ بەربەست و لەمپەرێک بۆ دانانی قاڵبی خۆکرد و تاکەکەسییانە لە ئارادا نییە، ئەمە پێوەندییەکی قووڵی بە توانستی شاعیر لە هەردوو بەستێنی ئەدەب و مۆسیقادا هەیە. زۆربەی کات دەبینین ئەو کەسانەی لە هەردوو ئاستدا خاوەنی دەستەڵاتن، باشترین تەسنیفەکانیان پەروەردە کردووە.

وێ دەچێ قاڵبی تەسنیف لە ئەدەبی فارسیدا قاڵبێکی کۆن و لە مێژینە بێ؛ تا ئەو ڕادەیە کە زۆربەی توێژەران پێیان وایە لە ئێرانی بەر لە ئیسلامدا شیعر و مۆسیقا ئاوێتەی یەک بوون، واتە شاعیر لە هەمان کاتدا کە شاعیر بووە کاری خۆشخوانیشی کردووە و بە پێچەوانەوەش (شمیسا: ١٢، ١٣٧٦). لە بارەگای خوسرەو پەرویزی ساسانیدا دوو ژەنیار و دەنگخۆش ئەو کاتە ئەو ئەرکەیان بەڕێوە دەبرد. «خوسرەوانی» ئەو گۆرانی و سروودانە بوون کە باربێدی ڕامێشگر بە ساز و ئاوازەوە بۆ خوسرەوی پەرویزی دەخوێندەوە.

**ئاما باربود چون بولبول سەرمەست**
**لەبخەندان چوگوڵ، بوربوتی بەدەست**
**نیشت نەپای سریر خوسرەو وە ئیعزاز**
**جە سی دەستان ساز لەحن خوش ئاواز**

«خانای قوبادی».

خونیاگەر ئەو شاعیرە بوو کە شیعرەکانی خۆی وێڕای مۆسیقا ئاراستە دەکرد، ئەوانە لەدەورەی ئەشکانییەکاندا «گوسانان»یانی پێ دەوترا. ئەم نەریتەی ساسانییەکان لە دەربارەکانی دەورەی ئیسلامەتیشدا هەر ڕەچاو دەکرا. هێندێک لە شاعیران خۆیان لە هونەری ژەنین، هونەرمەند بوون بۆ نموونە ڕوودەکی دەڵێ:

**رودکی چنگ برگرفت و نواخت**
**باده انداز کو سرود انداخت**

هەروەها فەڕڕوخی سیستانی:

**گاه گفتی بیا و رود بزن**
**گاه گفتی بیا و شعر بخوان**
**به غزل یافتم همی احسنت**
**به ثنا یافتم همی احسان**

ئاوێتەبوونی شیعر و مۆسیقا، دواتر تەسەووفیشی داگرتووە. مەولەوی ڕۆمی زۆرجار بە شێوەی خۆوێژ لە مەجلیسی زیکری خۆیدا غەزەلی ئاراستە دەکرد و (قەووالان)، یان کەسانی

دەنگخۆش بە دەنگی بەرز دەیانگوتەوە.
لە مێژووی ئەدەبی فارسیدا قاڵبی تەسنیف، یان ژانری تەسنیف لە زەمانی دەسەڵاتی قاجارییەکان بۆ ئەم لاوە و لە لایەن (عەلی ئەکبەری شەیدا) و (عارفی قەزوینی)یەوە بەهایەکی زیاتری پێ دراوە و تا ڕادەیەک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە.
هۆکارەکەشی دەکرێ بۆ سەرهەڵدانی مەشرووتە و بیری ڕابوون و خۆدەربازکردن لە دەسەڵاتی نەریتی و کۆنەخوازی قاجارەکان بگەڕێتەوە، هەر وەکوو دەزانین لەم دەورانەدا وردە وردە خەریکە بزووتنەوەی مەشرووتە بیچم بگرێ و بۆ یەکەم جاریش بوو خەڵکی ئاسایی، یان بە واتایەکی دیکە چینی ناوەندی شارنشین خوازیاری بەشداری لە دەسەڵات بوون، کەواتە هەم شیعر بەرەو زمانێکی ساکار و خۆماڵییانە هەنگاوی دەنا و هەمیش مۆسیقا بە هۆی کەسانێکی وەکوو عەلی ئەکبەری شەیداوە هەوڵی دەدا لە سنووری داخراوی دەربار و دیوەخانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە بێتەدەر و ڕۆچنەیەک و ڕێچکەیەکی نوێ دەستەبەر بکات و لە ناو کۆمەڵگە و جەماوەری ئەو کاتەدا مەنزڵگەیەکی نوێ بۆخۆی بنیاد بنێ.
شەیدا تەسنیفی ئاسایی بردە کۆڕی هونەرمەندانەوە، لەو لاشەوە عارفی قەزوینی و محەممەد تەقی بەهار-یش هەوڵیان دەدا بۆ هاندانی خەڵک کەڵک لە تەسنیف وەربگرن.
ئەوان بابەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و نیشتیمانی لە چوارچێوەی تەسنیفدا ئاراستەی خەڵکی ئاسایی دەکرد و هانیان دەدان بەشدارییەکی گەرموگوڕتریان لە ڕەوتی مەشرووتەدا هەبێ.
ئەوەی ئاشکرایە لە ناوچەی موکریاندا هەوڵیان داوە شیعری شاعیرە بەرزەکانی کورد ئاوێتەی ئاواز و مۆسیقا بکەن، ئەم کارە بەها و نرخێکی زیاتری بە گۆرانییەکان دەدا، بە شێوەیەک هەر کات میوانێکی تایبەت سەردانی ئەم ناوچەیەی بکردایە، هەوڵیان دەدا بەم شێوەیە تا ڕادەیەک ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان بە لایەنی بەردەنگیان نیشان بدەن. یەکێک لەم میوانانە (ئۆژێن ئۆبێن)ـە. ئۆژێن ئۆبێن باڵوێزی ئەو کاتەی فەڕەنسە لە ئێران، باسی ئەوە دەکا کە چۆن چووەتە موکریان و لە مەهاباد میوانی ڕەشیدولمولکی حاکمی ساباڵغ بووە.
لە درێژەی بەسەرهاتەکەیدا دەڵێ؛ شەو دوو دەنگخۆشی ناوچەکەیان هێنا بە ناوەکانی سەعید و ئەحمەد ئەمین، ئەوان شیعری نالی ناوێکیان دەخوێندەوە کە گوایە مەلایەکی خەڵکی سلێمانی و ناوچەی شارەزوور بووە. ئەوان بە یارمەتی مەلا محەمەدی موفتی ساباڵغ بۆیان وەرگێڕامەوە. دەقی شیعرەکە ئەمە بوو:

**زولفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە**
**ئەمرۆ لە منی شێفتە ئاڵۆز و بەداوە**
**ئەم عومرە عەزیزە کە لە بۆت نەقد و دراوە**
**سەد حەیف و درێغا کە موسوڵمانی نەماوە**
**عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زولفت**
**سەودا و پەرێشانم و سەودایەکی خاوە**


...(حەمە باقی:١٦٦،٢٠٠٢، ژمارە١٥٨)
(فەرهاد پیرباڵ)یش لە کتێبی (مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی)دا باس لەم ڕووداوە دەکات و ڕێکەوتەکەی بۆ ساڵەکانی (١٩٠٦ - ١٩٠٧) دەگێڕێتەوە (پیرباڵ، فەرهاد: ٢٠١٠، ١٢٧)، هەرچەند مامۆستا هێمن گلەیی لە ئۆبێن دەکا کە لاپەڕەیەکی ناشیانەی لەسەر مۆسیقای کوردی نووسیوە؛ بەڵام ئەمە نیشان دەدا کە لانیکەم لە دیوەخانەکاندا شیعری شاعیران بایەخیان پێ دراوە و ئاواز دانان لە سەر شیعری شاعیران لە ناوچەکەدا بایەخی تایبەتی پێ دراوە، بە چەشنێک کە لە

مەجلیسی حاکمی سابڵاغ و باڵوێزی فەڕەنسەدا خوێندراوەتەوە. بۆی هەیە ئەم دیاردەیە شاعیرانی هان دابێ شیعری بابەتی گۆرانی بنووسن، بەڵکوو زیاتر وەبەر دڵی خانەخوێ و دەستەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بکەوێ، هەروەها لەم ڕێگەیەشەوە هەوڵیان داوە شیعرەکانیان زیاتر بەسەر زارانەوە بمێنێتەوە و ناوبانگیان شار بە شار و کۆ بە کۆ پەرە بستێنێ.

(جگە لەم باسە لە ناوچەکەدا، ڕێژەیەکی زۆری شیعری ئایینی بەرچاو دەکەون، کە کاتی سەڵا و مەولوود خوێنی و... بە ئاواز خوێندراونەتەوە؛ کاتێک باس لە ئاوێتەیی شیعر و مۆسیقا دەکەن، نابێ و ناکرێ ئاماژە بەم لایەنەشی نەکەین. نموونەی بەرچاوی شیعری ئەم بابەتە لە موکریاندا شیعرەکانی ئەحمەدی کۆرە کە ئیستاش لە موناجاتەکاندا بایەخی پێ دەدرێ و وەکوو سامانێکی حاشا لێنەکراوی ئەدەبی کوردی دێتە ئەژمار.)

تا ئەو جێگەیەی ئاگادارین لە ناوچەی موکریاندا دوو شاعیری هەڵکەوتە و لێهاتوو شیعری بابەتی گۆرانییان هەبووە؛ وەفایی و میسباح. وەفایی هەوڵی نەداوە قاڵبێکی نوێ بۆ تەسنیفەکانی بەکار بێنێ، ئەو زیاتر هەوڵی داوە هەر لە چوارچێوەی غەزەل و پێنج خشتەکی و... شیعری بابەتی گۆرانی بخوڵقێنێ. وەفایی شارەزاییەکی باشی لە زانستی مۆسیقادا هەبووە و لەم بوارەدا لەگەڵ بنەماڵەی ماملێ هاوکاری کردووە تا ئەو جێیەی توانیویەتی ئاوازی بۆ شیعرەکانیشی داناوە و بە هۆی چریکەی بنەماڵەی (ماملێ)وە گەوهەری شیعرەکانی ئاراستەی جەماوەر کردووە. باشترین کارەکانی وەفایی لەم بوارەدا لە قاڵبی غەزەل و بە ڕێژەیەکی کەمتر لە قاڵبی پێنج خشتەکیدا خۆیان نیشان دەدەن. وەفایی هەوڵی داوە تا ئەو جێیەی بۆی دەلوێ کێشی ڕەوان و بێ گرێ لەم شیعرانەیدا بەکار بێنێت. وێ دەچێ لە زۆربەی ئەو شیعرانەیدا کێشی بڕگەیی بەکار هێنابێت، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئەدەبی ئەو کاتە، تا ڕادەیەکیش هەوڵی داوە لەگەڵ شیعری عەرووزیشدا بیگونجێنێ.

بەڵام میسباح ئەلدیوان تا ڕادەیەک هەوڵی داوە ئەم مەیدانەش تاقی بکاتەوە. ئەوەی کە لەم بوارەدا تا ئێستا لە میسباح دۆزراوەتەوە دوو تەسنیفە کە یەکێکیان ماوەیەکە دۆزراوەتەوە و لە زۆربەی دیوانە چاپییەکانی ئەو شاعیرەدا دەبینرێن. ئەم شیعرە کاتی خۆی ئەوەندە ناوبانگی هەبووە کە هونەرمەند سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی داوا لە یەکێک لە دۆستانی دەکا کە شیعرەکەی بە خەتێکی خۆش بۆ بنووسێتەوە (حەمە باقی: ٢٠٠٢، ٢٥١، ژمارە١٥٩) ئەمەش دەقی دەستنووسەکەیە:



تێکستی شیعرەکە بەم شێوەیە لە دیوانی (میسباح)دا هاتووە:

**بە باڵا بڵند بە قەد شووش و باریک**
**جەماڵی ڕووناکە شەوی هەوری تاریک**
**بۆن وەنەوشە زۆر پێ خۆشە**
**بۆ مەزەی دڵ ماچی خۆشە**

*******

**لەسەر چی لە من زیزی؟ مەیلت براوە**
**لە سەر ڕووت پەرێشانە: زولفت بڵاوە**
**شۆخ و شەنگم، حۆری ڕەنگم**
**زۆر برینداری خەدەنگم**

*******

**جوانیی بە نەوعێکە، تەعریفی نایە**
**خودایە عەتاکەی بە من ئەو چرایە**
**چەندە عەزیزە، زۆر لەزیزە**
**نەرم و ناسک، ئەو تەمیزە**

*******

**بە گەردن: مینایە؛ بە ڕوو: بەفر و خوێنە**
**بە چاوی؛ دەڵێی: بەبر و سەقر و شەهێنە**
**ڕۆح ستێنە، دڵڕفێنە**
**زۆر بە عیشوە و خەمرەوێنە**

*******

**نیازی دڵم وایە ئەی نازەنینم**
**هەتا نەمردووم دیدارت ببینم**
**ڕۆیی عومرم، کەم بوو سەبرم**
**پێم بدە ماچ، بەڵکوو نەمرم**

*******

**هەتا کەی لە دووریت، بگریم بناڵم**
**لە هیجرانی زولفت، دەروون کۆی زووخاڵم**
**دڵ سووتاوە، ڕۆح نەماوە**
**ماچی لێوت: شەکری خاوە**

*******

**دەروونم لە حەسرەت دیدارت سووتاوە**
**بە جارێ چ ئەقڵ و چ فەهمم نەماوە**
**ڕۆح فیدات بێ، دڵ لەلات بێ**
**من نەماوم تۆش حەیات بێ**

*******

**بەهاران چ مەحزوون دەناڵێنێ بولبول**
**هەتا کەی لە عیشقت بناڵێنم ئەی گوڵ؟**
**ئەی گوڵی من سونبولی من**
**ئاورت خستە دڵی من**

*******

**جوانی تۆ لەم عەسرەدا بێ نەزیرە**
**دڵم مورغی سەحرا بە دامی تۆ گیرە**
**مورغی چاکم زۆر بێ باکم**
**حەیفە لەو داوەت هیلاکم**

*******

**برادەر بپرسن ئەدەب بۆچ نەماوە**
**لە دووریی گوڵی؛ شووشە گەردەن شکاوە**
**ڕوو چراغە سینە باخە**
**ساحیبی شەوق و دەماخە**


(ئەدەب؛ ٢٠٠٥: ٢٤٧)

«لەم گۆرانییەدا ئەدەب سیستمی بەندی بەکار هێناوە، هەر بەندەی لە چوار نیو دێڕی شیعر پێکهاتووە، دوو نیو دێڕی یەکەمی لە بەحری عەرووزیی موتەقاریب، چوار جار (فعولن)ی تەواوە. دوو نیو دێڕی دووەم لە سەر بەحری عەرووزیی ڕەمەڵ، دووجار (فاعلاتن)ی تەواوە. قافییەی هەر چوار نیو دێڕی بەندەکە بەم جۆرەیە (ا ا ب ب).» (خەزنەدار، ٢٠٠٤: ٥٠٠). ئەگەر جوان سەرنجی شیعرەکە بدەین، بۆمان دەردەکەوێ؛ شیعرەکە لەسەر کێشی برگەییە، بەڵام وەک وەفایی هەوڵی دابێ تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕێساکانی عەرووزی عەرەبی هاوئاهەنگی بکات. وادیارە کێشی عەرووزی لەو کاتەدا هێندە باو بووە کە شیعری برگەیی بڤە بووە و باسی

سەر.

ئەگەر بمانەوێ قاڵبێک بۆ ئەم شیعرانە بدۆزینەوە، هیچ چارەیەکمان نییە و جارێ دەبێ وەکوو تەسنیف ناویان بێنین. تەسنیف ئەو پارچە شیعرە بوو کە بە مەبەستی ئاواز و گۆرانی دەهۆنرایەوە و لە بواری قاڵبەوە بە هیچ کام لە قاڵبە سەرەکییەکانی وەکوو غەزەل و قەسیدە و مەسنەوی و... پابەند نەبوو.

لەم ماوەیەدا تەسنیفێکی تری میسباح دۆزراوەتەوە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەو تەسنیفەی سەرەوەی تێدا بەدی دەکرێ:



دەقی شیعرەکە بە پێی ساغکردنەوەی نووسەری ئەم دێڕانە، بەم چەشنەی خوارەوە ئاراستە دەکرێت (٣):

کلام عبدالله بیگ مصباح ارمنی بلاغی (ادب)

**به گۆشەی دوو چاوت بریندارە جەرگم**
**بە مەرگت لە دووریت منیش جوانەمەرگم**
**خوش سەدا بووی، پڕچەیا بووی**
**ئەی نەمێنم لێم جودا بووی**

***

**ئومێدم قەتع بوو لە دەستەی گوڵاڵان**
**بە جارێک سەروماڵەکەم چوو بەتاڵان**
**خەم بەکۆخۆم، ڕەنجەڕۆ خۆم**
**جوانە مەرگی مەرگی تۆ خۆم**

***

**هەتا کەی بمێنم لە مەیدانی سەبرا**
**دڵم تاڵ و ئێشکە لە ژێر باری جەبرا**
**باخی سێوی، کوڵمی سێوی**
**پێم کەرم کا ماچی لێوی**

***

**نەسیم بێنە بۆنێ لە دەستەی گوڵاڵان**
**لە داخی فیراقت ڕۆحم چوو بە تاڵان**
**پڕ خەتەر خۆم دەربەدەر خۆم**
**باغەبانی بێ سەمەر خۆم**

***

**بە زەحمەتی عەرەق بووی تۆ سەروی دلارام**
**لە داخی فیراقت عەجەب شێت و شەیدام**
**با هەوا بووی، پڕچەیا بووی**
**ئەی نەمێنم لێم جودا بووی**

شیعرەکە لە پێنج بەندی دوو بەیتی پێکهاتووە، هەروەکوو لە تەسنیفەکەی تریشدا دیتمان بەیتی یەکەم و دووەم لە هەموو بەندەکاندا لە بواری کێش و مەوداوە جیاوازییان پێکەوە هەیە. بەیتی یەکەم درێژتر و بەیتی دووەم کورتترە. ڕێک وەکوو شیعرەکەی تر بەیتی یەکەم لە چوار ڕوکنی ((فعولن)) (٤) پێکهاتووە. بەیتی دووەمیش تەنیا دوو ڕوکنی ((فاعلاتن))ی (٥) لە خۆوە گرتووە. هەموو بەیتەکان سەروای سەربەخۆیان هەیە، کە وایە سەروای هەر بەندێک بەم شیمانەیەی خوارەوە وێنا دەکرێ:

...................ا ...................ا

...................ب ...................ب

بابەتێکی دیکە کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە شیعرەکە هەر بە هۆی ئەو کێشەیەی پێشتر باسمان کرد، لە کێشی عەرووزیدا هۆنراوەتەوە، هەرچەند دەتوانین وەکوو کێشی بڕگەییش سەیری بکەین. ئەگەری ئەوەش هەیە کە تەسنیفەکانی ئەدەب لەم بوارەوە زیاتر ڕەچاوی تەسنیفی بەر لە مەشرووتە بکەن، تەسنیفی بەر لە مەشرووتە خاوەنی کێشی عەرووزی بووە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەم قاڵبە شیعرییە لە شیعری هیچ کام لە شاعیرانی بەرەی یەکەمی موکریاندا نابینرێ، بە گشتی لە ئەدەبی کوردیی پێش (میسباح)دا تا ئەو جێگەیەی ئاگاداری قاڵبە شیعرییەکانین نابینرێ. شیعری ئەم دەورەیە بە زۆرینەی غەزەل و تا ڕادەیەک پێنج خشتەکی و چوار خشتەکی و بە ڕادەیەکی زۆر کەم مەسنەوی بنیاد نراوە. ئەوەی کە قاڵبێکی شیعری ببینین کە تا ڕادەیەک بەرهەمی توانستی تاکەکەسی و داهێنانی خۆکردی شاعیر بێ، وێنەی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر دەگمەنە، بەتایبەت لە قۆناغی میسباح و پێش «میسباح»دا شتێکی ناوازە و کەم بیستراوە.

دەبێ ئاماژە بەو بابەتەش بکەین؛ وێ دەچێ دیاردەی تەسنیف، یان شیعری بابەتی گۆرانی لە ناوچەی موکریاندا دوور نییە لە ئاستی نەریتێکدا بووبێ؛ دەتوانین ڕچەی ئەو نەریتە تا هاشم نانەوازادە بەدی بکەین، بەڵام بۆچی و بە چ هۆکارێک کە ئێستا ئەم دیمەنە کەمتر دەبینین و جێگەی سەرنجە و بۆچی وەلانراوە، دەتوانێ باسی مژارێکی تایبەت بێ.

(لە کۆتاییدا دیسان دەستخۆشی لە جەنابی دوکتۆر عەلی حوسێن زادە، دۆست و هەڤاڵی دڵسۆزی خۆم دەکەم کە بە دڵئاواڵەییەوە وێنەی دەقی شیعرەکەی بۆ ناردم، جێی ئاماژەیە نوسخەی سەرەکی شیعرەکە لە ئارشیڤی بەڕێزیاندا پارێزراوە.)

**پەراوێزی کوردی:**


١- خەزنەدار، مارف(٢٠٠٤) مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی ٤)، هەولێر، ئاراس.

٢- ئەدەب، میسباح الدیوان(٢٠٠٥)، دیوانی شیعر، لێکدانەوەی محەممەد حەمە باقی، هەولێر، ئاراس.

٣- حەمەی حەمە باقی(٢٠٠٢) مێژووی مۆسیقای کوردی، هەولێر، ئاراس، ژمارە ١٥٨.

٤- حەمەی حەمە باقی(٢٠٠٢) مێژووی مۆسیقای کوردی، هەولێر، ئاراس، ژمارە ١٥٩.

٥- پیربباڵ، فەرهاد:\(٢٠١٠)، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، هەولێر، ئاراس.

سەرچاوەی فارسی:

(١) فاضل، سهراب(١٣٧٩)، تصنیف سرایی در ادب فارسی، حوزه هنری سازمان تبلیغات اسلامی.

(٢) شمیسا، سیروس(١٣٧٦)، سیر غزل در شعر فارسی، تهران: انتشارات فردوس.


**پەراوێزەکان:**

(١) بەڕێز دوکتور عەلی حوسێن زادە بە دڵێکی ئاواڵەوە وێنەی دەسنووسەکەی بۆ ناردم و جێی ئاماژەشە دەسنووسەکە لە ئارشیڤی بەڕێزیاندا پارێزراوە.

(٢) ئەو شێوازە ئەمڕۆ بە شێوازی بابان، یان شێوازی نالی ناودێر کراوە.

(٣) ساغکردنەوە و نووسینەوەی ئەو شیعرە لێرەدا تەنیا بە مەبەستی لێکدانەوەی فۆڕمی شیعرەکەیە؛ ئەگینا نووسەری ئەم دێڕانە لەم بوارەدا هیچ ئیددیعایەکی نییە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی باسەکە ئاڕاستە دەکرێ. هیوادارم کەسانی شارەزاتر بتوانن باشتر ئەم ئەرکە بەجێ بگەیەنن.

(٤) یان بە واتایەکی دیکە بەحری (متقارب مثمن سالم).

(٥) بحری (رمل مربع سالم).